www.kurdistannet.org
26-9-2006 23:42بـەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سلێمانی.. بازاڕی سیدی سێکسی گەرمە ... راپۆرت:ستیڤان شەمزینانی

*حەوت ساڵە بەدوای فیلمی رووتی کورددیا دەگەڕێم
*تائێستا لەوانەیە پێنج سەد سیدی سێکسیم کڕیبێت
*رۆژانە زیاتر لە دووسەد سیدی سێکسی دەفرۆشین



بازاڕی سیدی سێکسی لەشاری سلێمانی بازاڕێکی گەرمە و رۆژانە دەیان و بگرە سەدان گەنج ڕوودەکەنە ئەو شوێن و دوکانانەی کە ئەمجۆرە سیدییانە دەفرۆشن.
لەبازاڕی دارەسوتاوەکەی شاری سلێمانی دەیان مێز دەبینیت کە چەند سەد سیدییەکی لەسەر دانراوە و لەسەر سیدییەکانیش نووسراوە (فەرەنسی- ئیتالی – عەرەبی – حەیوانات – ڕەشەکان – چواردەساڵ – مامۆستاکە –تەرەزان - هندی سوور تاد... ) کە هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ناوی ئە وفیلمە سێکسییانە.
بۆئەوەی بزانین کێن ئەوانەی کڕیاری سەرەکی و هەمیشەیی ئەمجۆرە سیدییانەن و بازاڕی فرۆشتنی سیدی سێکسی چۆنە؟ هاوکات لەنزیکەوە گفتوگۆ لەگەڵ کڕیارو فرۆشیارەکانی ئەو سیدییانە بکەین ڕووی پرسیارمان کردە ژمارەیەك لەو کەسانە.
(ش. ن) تەمەنی 23 ساڵە لەبەردەم مێزێکی فرۆشتنی سیدی سێکسیدا وەستابوو دەڵی: وەڵڵا چی بکەم هاتووم دووسی سیدی بکڕم و دەیبەمەوە بۆماڵەوە سەیری دەکەم چونکە کەسمان لەماڵەوە نییە، دواتر درێژەی بەقسەکانی خۆیداو وتی: من بەزۆریی لەڕێی ئینتەرنێتەوە سەیری فیلم و وێنەی سێکسی دەکەم بەڵام جاروباریش حەز دەکەم بەسیدیش سەیری بکەم بۆیە ئەگەر زۆرجار ماڵەوە لەماڵ نەبن دێم یەك دوو سیدی دەکڕم و سەیری دەکەم دوای سەیرکردنەکەش سیدییەکە دەشکێنم چونکە ئەگەر لەماڵەوە بمێنێتەوە لەوانەیە پێی بزانن و حەیام بچێت بەتایبەتی باوکم زۆر نوێژکەرەو ڕقی زۆر لەمجۆرە سیدی و شتانەیە.

گەنجێك كە خۆی بە (شەماڵ) ناساند و لەكاتی سەوداو مامەڵەی سیدییەكدا بوو بەمجۆرە هاتەگۆ: من زۆر سیدی سێكسی دەكرِم و سەیری دەكەم بەلاَم باوەرِبكە هەردوای دە دەقیقە تف لەخۆت دەكەیت ئەمە جگە لەوەی گوناهەیەكی گەورەیە لەلای خوا.
بەس چاریش نییە، گەنجەكانی ئەم ولاَتە ناتوانن ژن بهێنن و ناتوانن خۆیان خاڵی بكەنەوە ناچار پەنا بۆ سەیركردنی فیلمی رِووت دەبەن، گەنجی وا هەیە هەموو رۆژێك تا سەرێك لەم دارەسوتاوە نەدات و فیلمێكی رِووتی تازە نەكرِێت ناچێتەوە بۆ ماڵەوە بۆیە ئەم حاڵەتە هەموو گەنجەكانی بەگشتی گرتۆتەوە.
(ل. ك) تەمەن 21 ساڵ لەهەمان بازارِ رِای خۆی دەربارەی سیدییە سێكییەكان دەربرِی و لەقسەكانیدا وتی: جاران یەك دوو ساڵێك لەمەوبەر لەئینتەرنێتەوە سەیری هەندی سایتی رِووتم دەكرد، بەلاَم كەزانیم لەم بازارِە ئەنواع سیدی رِووت هەیە و بەباشتر دەتوانی سەیری بكەیت ئیتر هاتمە ئەم بازارِەو بەردەوام چ شتێكی تازە هەبێت (كارزان) سیدی فرۆش نوكەیەكم بۆ دەكات و منیش دێم لێی دەكرِم بۆخۆم و یەك دوو برادەری ترم، لەدرێژەی قسەكانیدا وتی: بەردەوام سیدی رِووت دەكرِم و لەوانەیە تا ئێستا پێنج سەد سیدیم كرِیبێت و سەیری هەمووشیانم كردووە، بەلاَم بەخوا هەر ئەو دەقیقەیەیەو ئیتر وا دەزانی هیچ نەبووە.
*پرسیارمان كرد ئاخۆ ئەو جۆرە سیدی و فلیمانە بەلای گەنجانەوە جێگەی بایەخن و داوای زۆری لەسەرە كامانەن؟ لەوەلاَمدا گەنجان بەمجۆرە هاتنە دوان:
(س. م) تەمەن 28 ساڵ وتی: گەنجان زیاتر حەزیان لەبینینی فیلمی رِووتی كوردییە و زۆر دەگەرِێن بەدوایدا خۆم حەوت ساڵە بەدوایدا دەگەرِێم و دەستم نەكەوتووە بەلاَم هەندی لەقتەو شتی وا هەیە لەرِێی مۆبایلەوە بلاَو كراوەتەوە ئێستا لێرە لەسەر سیدی هەیەو سەیری ئەوەی هەولێرم كردووە دانەیەكی تریشم بینیووە دەڵێن ئەوە لەكەركوك دەركراوە ئیتر نازانم.
(سۆران) گەنجێكی خۆش رِوو بەشەرم و پێكەنینەوە باسی ئەم سیدییانەی كردو وتی: زۆربەی گەنجان سەیری ئەم فیلمانە دەكەن چونكە زۆر بلاَوبۆتەوە و هەموو گەنجێكیش حەزی لێدەكات لەبەرئەوەی ئەو شتە لەولاَتی ئێمە مەمنوعە بۆیە مەرغوبە.
بەنیسبەت خۆشمەوە جاروبار سەیری ئەمجۆرە فلیمانە دەكەم چونكە زۆر سەیركردنی شتێكی باش نییەو لەوانەیە ببێتە هۆی ناشیرینكردنی رِەفتاری كەسەكە بەتایبەتی لە كۆمەڵگەی ئێمەدا بچووكترین حەرەكەی خەڵك حیسابی لەسەرە.
بۆ ئەوەشی من حەز لەچ جۆرە فلیمێك دەكەم، حەزدەكەم فلیمەكە ئیغرابێت نەك رِووتی تەواو، رِووتە تەواوەكە زۆر بێزارت دەكات و زەلامت لەبەرچاو دەخات.
(ن. ع) سیدی فرۆش وتی: سی چوار ساڵە من سیدی سێكسی دەفرۆشم جاران پۆلیس دەهات دەیگرتین بەلاَم خەڵك هەر دەهاتن بۆی و بەنهێنی دەمانفرۆشت ئێستا ئەوە زۆر نەماوە ونایەن بمان گرن، ئێمەش كاری خۆمان دەكەین، بۆ مەسەلەی ئەوەی رۆژانە چەند سیدی دەفرۆشین ئەوەیان رۆژ كەوتووە رۆژی وا هەیە پەنجا دانە دەفرۆشین بەلاَم رۆژی تر هەبووە دووسەد سیدیمان فرۆشتووە.
ئەوانەشی دێن بۆ كرِینی ئەم سیدییانە زۆربەیان كورِن، كورِی گەنج بەلاَم هەندێ جار پیاوی پیریش هاتووە بۆ سیدی رِووت، جاران كە دوكانم هەبوو كچیش دەهات بۆی، زۆربەی ئەو فیلمانەی داوای دەكەن فلیمی ئەوروپی و یابانییە هەرچەندە زۆر داوای رِووتی كوردی دەكەن، رِووتی كوردیش نییە بەس ئەوانە هەیە كە بەمۆبایل گیراون، ئەوانەش شەش حەوت دەقە زیاتر نین، بەگشتی زۆربەی ئەو فلیمانە ئێمە دەیفرۆشین ئەوروپیو یابانییە.

سیدی فرۆشێكی تر كە ناوی خۆی نەداو نەیویست ناوی ئاشكرا بكرێت وتی: دوو ساڵە ئەم كارە دەكەم، جاران دوكانی وردەواڵەم هەبوو هیچ سوودی نەبوو وازم لێهنا، ئەم ئیشە خراپ نییە رۆژانە سەد سیدییەك زیاتر دەفرۆشین و نرخی سیدییەكیش 1250 دینارە.
ئەوانەی لێمان دەكڕن بەشی زۆریان گەنجن، پیریش هەیە موشتەرییەو بەردەوام سیدیمان لێدەكڕێت بەڵام گەنجەكە لەهەمووی زیاترە، ئەو فلیمانەشی ڕەواجیان زۆرە فلیمی حەیوانات و یابانی و عەرەبییە، زۆریش هەواڵی ڕووتی كوردی دەپرسن بەڵام تا ئێستا خۆشم ڕووتی كوردیم نەدیوە جگە لەوانەی لەمۆبایلدا هەن.
*لەوەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا ئەم سیدییە سێكسییانە وەڵام بە ئارەزووەكانی گەنجان داتەوە و خاڵیان دەكاتەوە لەهەڵچوونی سێكسی گەنجان واهاتنە قسە:
(شێركۆ) تەمەن 25 ساڵ وتی: من زۆر بەكەمی سەیری ئەم فیلمانە دەكەم، لەوانەیە لەماوەی ساڵێكدا جارێك یان دووجار سەیری بكەم چونكە دەزانم ئەمە چارەسەر نییە بەڵكو لەوانەیە ئەنجامی خراپی كۆمەڵایەتی هەبێت.
(سامان عەلی) تەمەن 24 ساڵ دەڵی: هەرگیز تاقەتم نییە سەیری فلیمی سێكسی بكەم، بەبڕوای من ئەوە نەك چارەسەرو وەڵام نییە بە غەریزەكانی گەنج بەڵكوورووژاندنێكی بی مانایەو گەنج هاندەدات بۆلادانی كۆمەڵایەتی پێشێلكردنی یاساو عورفە كۆمەڵایەتییەكان بەمەش كەسەكە دەبێتە كەسێتییەكی نامۆ و نەگونجاو لەكۆمەڵگەداو كێشەی گەورەی بۆ دورست دەبێت بەتایبەتی لەچوارچێوەی خێزاندا.
(هەڵۆ بەكر) تەمەن 26 ساڵ وتی: لەهەندێكجاردا سەیركردنی فیلمی ڕووت خراپ نییە بەڵام ئەوەی لەسەری مودمین بیت زۆر خراپە، جاری واهەیە بۆ دامركانەوە و خاڵی كردنەوە گونجاوە بەڵام بەردەوام بوون لەسەیركردنی ئەم فلیمانە شتێكی خراپەو خووڕەوشتی ئەوكەسە خراپ دەكات و تووشی گرێیەكیشی دەكات كە هەموو خەڵك بەو چاوە سەیری بكات كە لە فلیمەكاندا دیویەتی.
مامۆستا (شیرین جەلیل) پسپۆری دەروونناسیو خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لەو بوارەدا بەشێوەیەكی گشتی ڕاوبۆچوونی هەموو ئەو گەنجانەی هەڵسەنگاند كە لەم ڕاپۆرتەدا بۆمان دووان:
لەڕاستیدا هەبوونی فلیمی سێكسی بەرهەمی قۆناغێك لەقۆناغەكانی سیستەمی سەرمایەدارییە كە تیایدا لەشفرۆشی دەبێتە یەكێك لەمیكانیزمەكانی وەبەرهێنان و سەرمایە گوزاریی، مادام وایە چەندین عەقڵ و پرۆتۆكۆڵی چەندین كۆمپانیای زەبەلاح لەپشت ئەم دیاردەیەوەیەو دەیانەوی لەڕێی وێنەو فلیمەوە سەرنجی مرۆڤ بۆ سێكس ڕابكێشن و لەگەڵیدا شێوەیەكی ئەفسوناویی پێببەخشن، لەم كارەیانەدا سەركەوتوو بوون و دەیان فۆرمیان داهێناوە بۆ ئیسارەكردنی مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی كاری سێكسی بەو جۆرەی لە فلیمەكاندا هەیە.
دیارە بەهۆی گڵۆبالیزەیشنەوە فیلمی سێكسیش خۆی كردووە بەوڵاتەكەماندا و بەپێی ئەو نەخشەیەی كۆمپانیا هەیانە گەنجانی كورد بەم دیاردەیە سەرمەست و سەرسام بوون ئەمە لەلایەك و لەیەكی ترەوە بارو ژینگەی كۆمەڵایەتی و چەپاندنی ڕەمەكی لەچوارچێوەی كۆمەڵگەداو حاكم بوونی دەسەڵاتی ترادیسیۆن گەنجانی كۆت و بەند كردووە كەناتوانن ئازادانە و بەشێوەیەكی سروشتی مومارەسەی سێكس بكەن بۆیە تامەزرۆیيان بۆئەم كارە هەیە ئەگەر دەستیان ناكەوی حەز بەدیتنی دەكەن ئەگەر ئەویش نەبوو بەفلیم ڕازین كە بەبڕوای من ئەم فلیمانە پەرچەكرداری نێگەتیڤیان لەسەر سایكۆلۆژیەتی گەنجان دەبێت هەروەك لەكاسێتەكەدا گوێم لێبوو هەندی گەنج حەز بەدیتنی جنسی ئاژەڵ دەكەن كە ئەمەش لەخۆیدا جۆرێكە لەلادانی سێكسی و جۆرێكە لەرەفتاری كەسی سایكۆپاسی.

بەکورتی من باوەڕم وایە سیدی سێکسی پەرچەکرداری خراپی لەسەر کەسێتی مرۆڤ هەیە بەتایبەتی گەنجان کە زۆر بەزوویی دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە.

تێبینی:

یەکەم: هەموو ئەو گەنجانەی لەمیانەی ڕاپۆرتەکەماندا دواندوومانن نەچوونەتە پرۆسەی هاوسەرییەوە.

دووەم: ئاسان نەبوو ڕاستەوخۆو بی سڵەمینەوە گەنجان قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەن بۆیە نەتوانرا لەم ژمارەیە زیاتر گەنجان بدوێنین ئەوەشی کراوە بەهەوڵێکی زۆر بووە.